ساڵی نۆیەم .... ژمارە (٤٠) ئابی ٢٠١٣

گۆڤارێکی فکریی، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت



# سەرچاوەی تۆتالیتاریزم

## روانینێك بۆ كاریگەرترین بەرهەمی سیاسی

**هانا ئارێنت**

**لە فارسیەوە: هانا میری**

«سەرچاوەی تۆتالیتاریزم» کتێبی یەکێک لە فەیلەسوفانی هاوچەرخ «هانا ئارێنت»ە (١٩٧٥_ ١٩٠٦). ئەو کتێبە کە بە یەکەمین بەرهەمی ئارێنت هەژمار دەکرێت، وەڵامێکی روونە بە کارەسات و رووداوە وێرانکەرەکانی سەردەمی خۆی. چارەنووسی رەشی جولەکەکانی ئەورووپا، کە لەگەڵ سەرهەڵدانی نازیزم گیری خواردبوو، هەروەها دەرکەوتنی ستالینیزم لە سۆڤیەت کە نەک هەر گیانی بە میلیۆنها جووتیاری گرت، بەڵکو لەتمەیەکی گەورەشی لە جەستەی رووناکبیرانی ئازادئەندێش، نووسەران، هونەرمەندان، زانایانی زانستی سرووشتی و هەڵسووراوانی سیاسی وەشاند.

بە بڕوای ئارێنت، تێگەیشتن لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سیاسەتگەلێکی ئاوا رەش ،تەنیا لە پەرەگرتنی دۆخی حازر سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو زیاتر لە هەر شتێک هێمای «شێوازێکی نوێی دەسەڵاتدارێتی»یە: بەواتایەکی روونتر، شێوازێک لە دەسەڵاتداری کە لەسەر ترس و فیکشێنی ئایدۆلۆژیک دامەزراوە. سیستەمە زۆردارەکانی دێرین، ترسیان بە چەشنێکی ئامانجدار بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات، یان پاراستنی ئەو بەکاردەهێنا، بەڵام




سیستەمە تۆتالیتارەکانی هەنوکە لە بەکارهێنانی تیرۆر و ترس نانەوە دا بیرلێکراوە ناجوڵێنەوە. وێرای ئەمانەش، تیرۆر بە هیچ شێوەیەک کەرەسەی گەیشتن بە ئامانجێک نییە، بەڵکو ئامانج بە هەژمار دێت. پێویستیی درێژەی تیرۆر ئەمڕۆکە لە ڕێگای پشتبەستن بە یاساگەلی گریمانەکراوی مێژوویی (یاساگەلێکی لە چەشنی سەرکەوتنی چارەهەڵنەگری کۆمەڵی بێ چین) یان (شەڕی نێوان نەژادی «هەڵبژاردە» و نەژادە «نزمەکان») پاساو دەکرێت.

مەیل بە وەها ئایدۆلۆژی گەلێک_ بە گشت و زیان بۆ هەڵخراندنی جەماوەر_ لە روانگەی ئارێنت، لە وێرانکردنی ئەو کۆمەڵگایانە سەرچاوە دەگرێ، کە سەردەمانێک خەڵک بە ئارامی و ئاسایشەوە تێیاندا دەژیان. کاریگەری شەڕی یەکەمی جیهانی، هەرەسی ئابووری و پەرەگرتنی گرژی شۆڕشگێرانە، ئەو زەینیەتەی لە ناو خەڵک فۆرم پێدا، کە سەبەبکاری گشت ئەم چارەڕەشیانە خۆیانن و تەنیا ڕێگای دڵنیا لە بەرامبەر جیهانی ناروون و پڕمەترسی داهاتوو، لەگرەوی شوێنکەوتنی ئایدۆلۆژیەک یان کەسێک دایە. ئایدۆلۆژیە تۆتالیتاریەکان، وەڵامگەلی لەم چەشنەیان پێشنیار دەکرد و ئیدعای دۆزینەوەی «کلیلی مێژوو»یان دەکرد: بەم کلیلە دەکرێ باشتر لە ڕووداوەکانی رابردوو و ئێستاو داهاتوو تێبگەین و داهاتووش بە پێی یاساکانی سرووشت و مێژوو زەمانەت بکەی.

بەم پێیە، کاردانەوەی کۆمەڵگەکانی ئەورووپا بە ئایدۆلۆژیای تۆتالیتاری، دەرئەنجامی ئەو زەنجیرە خەسارانە بوو،کە کەشی گشتی یان سیاسیان وەک کەشی ئازاد وێرانکرد. ئەو خەسارانە بابەتەکانی خوارەوەیان لەخۆ دەگرت: پەرەگرتنی هەر ڕۆژەی ئێمپریالیزم بە مەبەستی سەرکوتی کۆلۆنیەکان ، هەروەها قۆرخکردنی دەسەڵات بەدەست ژمارەیەک بۆرژوا، کە ڕێگای کەڵەکەکردنی سامان و بەرژەوەندیەکانی خۆیان گرتبووە بەر. ئەم مەسەلەیە بەشبەحاڵی خۆی شەرعیەتی دامەزراوە سیاسیەکانی بردە ژێر پرسیار، بنەماکانی شارۆمەندی و کۆدەنگی خۆرسک کە سەردەمانێک تەوەری هەر چەشنە چالاکیەکی سیاسی بوو، لاواز کرد، کەواتە دەبوو لەو شوێنانە دا بە دوای ریشەکانی تۆتالیتاریزم بگەڕێین، کە بۆشایی

کەڵەکە بوونی بەشێنەیی خەسارەکان دەبـــووە لـەمـپـەری بـــەردەم ژیانی مەدەنی سودمەندانە، ژیانێک کە بە بێ زەوتکردنی خۆشی و ئازادیەکانی شـارۆمـەنـدان بتوانێ یەکگرتوویان بـکـات. دۆخـێـک کـە ئارێنت وەک «فرەچەشنی» ناوی دەبات.

لـەم بەرهەمە دا دەکـرێ پەی بـە گـەلێک لـە نـاوەڕۆکـەکـانـی بەرهەمەکانی مـاوەی ژیانی زانستی ئارێنت بەرین، کە دواتر پێشکەشی کردن. وەک نمونە، پێوەندی گرنتی مرۆڤ لەگەڵ کەشی گشتیی دیموکرانیک، هێزە مێژووییەکان، ئابووری و کۆمەڵایەتی، کە هەڕەشەن بۆ سەر وەها ژیانێک، پێوەندی پڕ لە گرژیی نێوان بەرژەوەندی شەخسی و گشتی، کاریگەری ئـۆرگـانـە پـەرەگـرتـووەکـانـی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان کە ئارامی و ئاسایشیان لە ژیانی مـرۆیـی هـەڵـگـرتـووە... ئەو مـەسـەلانـە لـە بەرهەمەکانی تری ئارێنت بەوردی وردکۆڵی دەکرێن.

بـەمـجـۆرە، ئـەو دەتـوانـێ جـەوهـەری هەبوونی سیاسی ، هەروەها ئەو هۆکارانەی لە بەرهەمهێنان و مانەوەی ئەو دیاردەیە رۆڵیان هەیە، بە روونی بخاتە بەرچاو.

«لە بابەت شـۆڕش»(١٩٦١): کتێبێکی تـری هـانـا ئارێنتە. لـە نـووســراوە مـێـژوویـی_ فەلسەفیەکانی ئارێنت لە کتێبی دۆخی مرۆڤایەتی، وا دەردەکەوێ باوەڕی بە سیاسەتێکی دڵنیا (وەک ئازادی بەیان، شەفافیەتی گشتی) لە سەردەمی نوێدا نییە. وێڕای ئەوەش، لە کتێبەکەی تریدا لە بابەت شۆڕش، بەرهەمی بیرۆکەکانی خۆی لە وانا سیاسیەکان لە کۆمەڵگەی نوێدا بەکاردێنێت و دەرەنجامگەلێکی ناڕوونی لێ هەڵدەهێنجێ.

ئـارێـنـت لـەو بـڕوایـە دایـە چ لێکدانەوە مارکسیستی و چ لێکدانەوە لیبرالیسنیەکان لـە شـۆڕشەکانی (فەرەنسا و ئەمریکا) لێکدانەوەیەکی درووست نین. بەپێچەوانەی لیبراڵەکان بەرپەچی ئەو ئێزە ئـەدانـەوە، کە گوایە ئەو شۆڕشانە سەرەتا بە شوێن پێکهێنانی دەوڵەتێکی بەرتەسکەوە بوون، کە بتوانێ ئازادی تاکەکەسیان_ بەدەر لە دەسراگەیشتنی دەوڵەت_ بـۆ دابـیـن بـکـات. لـە بـەرامـبـەر مارکسیستەکانیش کە لەو بڕوایەدان شۆڕش لە «پرسێکی کۆمەڵایەتی»یەوە سـەرچـاوەی گـرت، کە برێتی بوو لەوەی بۆچی ژمارەیەکی کەم قۆرخی سامانەکانیان لە سیستەمی پێشوو کردووە، روانگەیەکی جیاوازی بوو. لەراستیدا ئارێنت لەو بڕوایە دایە ئـەوەی شـۆڕشـە هاوچەرخەکانی لێکەوتەوە، برێتی بوو لەوەی ئەوان تاکەکانیان بە مەبەستێکی دیاریکراو لێک کۆدەکردەوە، تا بگەنە ئامانجی دامەزراندنی ئازادی لە کەشی گشتیی دا. هەر ئەو ئامانجی دامەزراندنی کەشی ئۆرگانی و گشتیی ئـازادی مـەدەنـی و بەشداریکردنە، وەها سانکەلێکی شـۆڕشـگـێـڕانـە وەک نمونەگەلێک لـە «سـیـاسـەت بۆ کردەوە» دەخوڵقێنن.

وێڕای گشت ئەوانە ئارێنت هەر دوو شۆڕشەکەی ئەمریکا و فەرەنسا وەک شۆڕشگەلێکی سەرکەوتوو، لەبەرچاو ناگرێت، چونکە لە هیچ کام لەو دووانە دا ئامانجی شۆڕشگێڕەکان کە هەمان سازدانی کەشێکی سیاسی ئاوێتە بە هاوکاری و لێکتێگەیشتن بـوو، وەدی نـایـەت. بۆ نمونە لە شۆڕشی فەرەنسا مەسەلەیەکی گرنگی وەک ئازادی سیاسی بۆ بابەتگەلێکی سەرەتایی لە جـۆری دابەشکردنی سەرچاوە و کالاکان دابەزی.

هـەڵـبـەت شـۆڕشـی ئەمریکا چارەنووسێکی تری هەبوو، چونکە بە کەڵک وەرگرتن لە مەرجدارکردن لە هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵێکی سیاسی لەسەر بنەمای رێککەوتنی گشتی بـوو. وێـڕای ئـەوەش، ئەو سەرکەوتنەی شۆڕشی ئەمریکا بۆ ئارێنت، سەرکەوتنێکی گچکەیە. بە بڕوای ئارێنت ئەنانەت لەو شۆڕشە دا ،دەبینین ئەو کەشەی ئەندامانی کۆمەڵ بە گشتی بتوانن بەشداری حکومەت بکەن، پێک نەهاتووە. جیا لەوەش، کەڵکی پێویست لە پۆتانسیێلی ئازادی بەیان، قەناعەت پێهێنان و قەزاوەت کە لەو شۆڕشەدا رسکا، وەرنەگیرا.

ئەگەرچی زۆربەی شارۆمەندان لە بەرەکەتی پارلەمان لە دەست زۆرویژی دەوڵەتیی دەرباز بوون، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نەکەوتنە دۆخی قەزاوەت و دەسـەڵاتـەوە. هەر بەم هۆیەشە ئارێنت دەڵـێ: شارۆمەندان کەڵکی تەواویان لە پۆتانسیێلی بەشداریکردن لە چارەنووسی خۆیان_ کە بەرهەمی شۆڕش بوو_ وەرنەگرت.

**سەرچاوە:**

*Yar, Majid(٢٠١٠), Hanna Arendt: Internet encyclopedia of philosophy